# فۆرلان:

# ناتوانم دۆڕان قبوڵ بکەم




**یاریـــزان دیگۆ فـــۆرلان یەکێکە لە نوێنەرە هەر بە تواناکانی ئۆرگوای و ئەمەریکای باشـــوور لە ئەوڕوپا و یەکێکە لە ناودارەکانی ئەم وڵاتە. لە ئامادە باشـــیدا بۆ دووەمین بەشـــداریکردنی لە مۆندیال توانی هاوکارییەکی تەواوی وڵاتەکەی بکات بۆ وەرگرتنی پلیتی گەیشـــتن بە مۆندیالی ٢٠١٠ی باشـــووری ئەفریقیـــا. دیگۆ فۆرلان لە چەندین یانـــەی بەناوبانگی جیهانـــی یاریکردووە لەوانـــە یانەکانی ئەندیندبندێتی و دواتر مانچســـتەر یۆنایتـــد و ڤیاریاڵ و پاشـــان ئەتلەتیکۆ مەدرید، فـــۆرلان تەنیا لە نێو یاریگا ســـەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە ســـەرکەوتووە و کەسایەتییەکی باشی هەیە، لە یاری تێنیسیشدا ئاستی بەرزە.**

*** دەتوانی ئاستی هەڵبژاردەی ئۆرگوای لە پاڵاوتنی مۆندیالمان بۆ هەڵسەنگێنین؟**

- بەڕاســـتی رکابەرییەکـــی یەکجـــار قورس بوو هەروەکو گشـــت رکابەریەکانی پێشـــتری ئەمەریکای باشوور یاری زۆر باشمان ئەنجام دەدا و خاڵمان کۆ دەکردەوە و نابێ ئەوەش لە بیر بکەین هەندێ جاریش لـــە دوورکەوتنـــەوەی مۆندیال دوور بووین و ئاســـتمان بە بەردەوامی جێگیر نەبوو گرنگ ئەوەیە بۆ مۆندیال سەرکەوتین.

*** بە رای تۆ ساتی چارەنووسساز لە پاڵاوتن کەی بوو؟**

- بردنەوەمان لە ئیکوادۆر کلیلی چوونمان بوو بۆ مۆندیال و هەموو شـــتێك لەو یارییە کۆتایی پێهـــات، لە شـــوێنێکی وا یارییمان کرد کە زۆر بەرز بوو لە ئاســـتی دەریا و شـــێدار بوو، بەرامبەر هەڵبژاردەیەکی یەکجار بەهێز بوو کە خواســـت و ئاواتی لە ئێمە کەمتر نەبوو، ئەوانیش چانســـیان وەك ئێمە بوو بۆ گەیشـــتن بۆ مۆندیال، بەڵام ئێمە بەهێزتر بووین و یارییمان باشـــتر بوو، بەڕای من ئەمە ساتێکی چارەنووســـاز بوو بۆ گەیشتنمان بۆ مۆندیال نابێ ئەوەش لەبیر بکەین ئێمە لە هەردوو یاری ئەرژەنتین و کۆســـتاریکا تووشی دڵەڕاوکێ بووین.

*** لە کاتی تیروپیشـــك، چۆن پێشوازیتان لە هەڵبژاردە رکابەرەکانتان کرد و کۆمەڵەکەتان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- من لە نێو فرۆکە دابووم لەگەڵ برادەرەکانم لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کە تیروپشك ئەنجامدرا، ئێمە چاوەڕوانی یاری خولی ئیســـپانیا بووین کە لە دەرەوەی یاریـــگای خۆمان ئەنجام دەدرا، لەو کاتە تەلەفۆنەکانی ئەو یاریزانانەی وڵاتەکانیان بەشـــدارییان لە مۆندیال دەکرد چەندین کورتە نامەیان بۆ هات، کە باسی ئەنجامی تیروپیشکەکەیان دەکرد، یاریزان ماکسی رۆدریگیز یەکەمین یاریزان بوو ئەم هەواڵەی پێگەیشت.

هەر ئەویش ئاگاداری کۆمەڵەی وڵاتەکەی منی کردەوە کە ئێمە لە خانەی ســـێیەم دابووین کە دەبێ بەرەنگاری یەکێك لە باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان ببینەوە، راستە پاڵێوراونین بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە، بەڵام تا دوا هەناسەمان بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامی باش هەوڵ دەدەین.

*** چـــۆن ئاســـتی بەڕێوبەـــری هونەری ئۆســـکار تاباریز و ئـــەو کارانەی کردوویەتی تا ئێســـتا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- زۆر باشـــە، وای بۆ دەچم لە رۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی کاری پیشەگری بە ئاستێکی بەرز ئەنجامـــداوە و خەڵك بەخیلی پێ دەبات، لە کاتی مۆندیالی ٢٠٠٦ی ئەڵمانیا چەندین یاری بەهێزی ئامادەکاری ئەنجامدا و ئێستا بەرەکەیمان خواردەوە و سوودمان لێ وەرگرت، ئۆسکار تاباریز ناسراوە و ئەزموونێکی باشی هەیە دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ بکات.

*** شێوازی یاریکردنی هەڵبژاردەی ئۆرگوای لە مێژوودا بە هێزێکی شەڕکەر و رکابەرییەکی بەهێزی تیپەکانی بەرامبەر ناســـراوە بە زمانی ئیسپانی دەڵێن (لاگارا تشاروا) ئایا ئەم شێوازەی ئێوە هەروەك**

**رابردوویە، یان ئەوە تەنیا دەنگۆیە؟**

- نەخێر، هیچ شتێك گۆڕانکاری بەسەردانە هاتووە و ئێمە بەهێز و روحێکی جەنگاواری و شەڕکەرانە یاری دەکەین ئەم شێوازە چەندین ساڵە لای ئێمە پەیرەو دەکرێ و لەسەری بەردەوامین و بوویتە وانەیەك لە وانەکانی تۆپی پێ، ئۆڕگواین و هەڵبژاردەکان شێوازی یاریکردنمان ناگۆڕێ، ئێمە خاوەنی تیپێکین کە پێکهاتەی لە کەسانی بە ئەزموون و لاو پێکهاتووە دەتوانین ئاستێکی زۆر باش نیشان بدەن و وەکو ئەوەی لە پالاّوتن پێشکەشمان کرد.

*** چۆن هەڵبژاردە بەشداربووەکانی ئەمەریکای باشوور لە مۆندیال هەڵدەسەنگێنیت کە تاقیکردنەوەت لەگەڵیاندا هەبووە؟**

- ئەمەش بۆ شێوازی یاریکردنی هەر قوتابخانەیەك دەگەڕێتەوە، ئەرژەنتین سەرەڕای ئەوەی زۆر بە زەحمەتی گەیشتە مۆندیال، بەڵام یەکێکە لە هەڵبژاردە بەهێزەکان کە موزایەدەی لەسەر ناکرێ و زۆربەی یاریزانەکانی ئاست بەرزن، بەڕازیلیش لای هەموو خەڵك ناسراوە پێویست ناکات من باسی لێوە بکەم، هەڵبژاردەی چیلیش لە ژێر سەرپەرشتی بیلسا وا بەرهەمەکانی دەدوورێتەوە کە توانی پێکهاتەیەکی بەهێزی لاو دروست بکات، ئێمەش شێوازی خۆمان گرتۆتە بەرو بەردەوامین لەسەر ئەرکەکەمان.

*** سەرکەوتن لە باشووری ئەفریقیا چی دەگەیەنێت؟**

- هیچ بیر لەمە ناکەمەوە و گرنگ ئەوەیە ئێمە قۆناغی کۆمەڵەکان بە سەرکەوتووی ببڕین و بزانین کێ لە قۆناغی دووەم رووبەڕوومان دەبێتەوە، دەبێ سەرەتا بیرمان لە یاری یەکەم هەبێت کە دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەردەوام بوونمان بۆ وەرگرتنی یەکێك لە پلیتەکان.

*** تا چەند بیرت لە یارییەکانی یانەکەت هەیە، کەچی زۆربەی یاریزانەکانی دیکە بیریان لە یارییەکانی مۆندیالە کە بەم زووانە دەست پێ دەکات؟**

- هێشتا کات زۆرماوە، زەحمەت نییە ئێستا بیرو هۆشمان بخەینە سەر یارییەکانی یانەکەمان رکابەریمان لە پێشە لە پاڵەوانییەتییەکانی خولی ئیسپانیا و جامی یانەکانی ئەوروپا کە گرنگییەکی زۆری هەیە و دەبێ هۆشمان بخەینە سەر تا تەواو دەبێ و ئینجا نۆرەی مۆندیال دێت.

*** گەر سەیری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بکەین دەبینین ئەنجامەکانی لە هەڵبەزین و دابەزیندایە، ئێوە لە وەرزی ئەمساڵ چ ئاواتێکتان هەیە؟**

- جامی شای ئیسپانیا لە هەموو پێشهاتەکان دایە و نابێ خولی ئیسپانیا و خولی یانەکانی ئەوروپان لەبیر بکەین کە لە کاتە هەستیارەکان دایە، سەبارەت بە خولی یانەکانی ئیسپانیا دەبێ هەوڵ بدەین زیاتر خاڵ کۆبکەینەوە و ئەو کات دەتوانین خۆمان لە ریزبەندی پێشەوە بدۆزینەوە.

*** بگەڕێنەوە ئاستی خۆت چ جیاوازییەك لە تۆ بەدی دەکرێ لەو کاتەی لە مۆندیالی ٢٠٠٢ بە دیارکەوتیت و ئێستا وەکو یاریزانێکی بە ئەزموون لەو مۆندیالە بەشداری دەکەیت؟**

- زۆرترین تەمەنی خۆم لە ئەوروپا بردە سەر و توانیم ئەزموون تاقیکردنەوەیەکی زۆر بەدەست بێنم، پێشتر هێرشبەرێکی بەرهەمنێەر بووم، بەڵام ئێستا بوومە دروستکەری هێرشەکان و یاریگا رێکدەخەم، دەمەوێ بڵێم ئەو چەند ساڵەی لە نێوان هەردوو مۆندیال توانیم ئەزموون و ئاستم بەشێوەیەکی گشتی بەرەو پێش ببەم.

*** وابزانم ئەو کاتەت لەبیر ناچێ کە لە قۆناغی یەکەم و لەسەر ئاستی سەنیگال دەرچوون؟**

- بەڕاستی کات و ساتێکی ناخۆش بوو، گێمی یەکەم ئاستمان زۆر خراپ بوو سێ گۆڵی بێ بەرامبەر دۆڕابووین، بەڵام لە گێمی دووەم توانیمان ئەنجامەکە بەرامبەر بکەین، بەڵام لە کاتی کوشندە و زیادکراو گۆڵێکی دیکەمان لێکرا و ئاوەتەکانمان لە گۆڕ نرا، بەراستی کەس بڕوای نەدەکرد، چونکە پلیتی سەرکەوتنمان بۆ قۆناغی دووەم لەبەردەستدا بوو، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراودا لە دەستمان چوو و خەونەکانمان نەهاتە دی.

*** زۆر لە ئەستێرەکانی ئەمریکای باشوور گەڕانەوە نێو ماڵ و وڵاتی خۆیان، ئایا تۆش هەمان رێگە ناگرێتە بەر؟**

- من ئاواتم ئەوەیە بگەڕێمەوە یانەی ئەندیبندێنتی ئەرژەنتینی، چونکە شوێنێکی تایبەتی لە دڵمی مندا هەیە و خوازیارم هەلم بۆ بڕەخسێ جارێکی دیکە درێسی ئەو یانەیە بکەمە بەرم، لە لایەکی دیکە دەمەوێ رێوشوێنی باوکم بگرمەوە کە بۆ یانەی ساوپاولۆ یاریکرد، بەڵام حالی حازر چاوم لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدە و من خۆشحاڵم لەو یانەیە و بۆندەکەشم ساڵی ٢٠١٣ تەواو دەبێت.

*** وا چاوەڕوان دەکرێ لە قۆناغی دووەم گەر سەرکەون رووبەڕووی ئەرژەنتین ببنەوە، ئایا لەگەڵ خێزانەکەت نابێتە کێشە، چونکە خەڵکی ئەرژەنتینە؟**

- (بەپێکەنینەوە) نەخێر، دەبێ لێی بپرسم بزانم هاندەری چ هەڵبژاردەیەکە.

*** لە کۆتاییدا، دەمانەوێ بزانین خۆشترین ئارەزووت، تۆ زۆر یاری تێنسی سەر زەویت خۆش دەوێ و بە بەردەوامی ئەو یارییە دەکەیت، گەر داوات لێ بکەین خۆت وەکو چ یاریزانێکی ناوداری ئەم یارییە سەیر دەکەیت؟**

- پرسیارێکی قورسە، دەمەوێ بڵێم خۆم وەکو رافائیل نادال دەناسێنم و بە بەردەوامی ئاگاداری هەموو یارییەکانی دەبم و هەوڵ دەدەم بگەمە ئاستی ئەو، بەڵام زەحمەتە و بە دۆڕاندنیش بەرامبەر نادال رازی نابم و بە گیانێکی وەرزشی وەری ناگرم و بە بەردەوامی رەخنەش لە بڕیارەکانی ناوبژیوان دەگرم و لە کۆتایی زۆر پێکەنی.



# بێکهام وێنەی ئاڵای ئینگلتەرە و ئیتاڵیا لەسەر کاڵەکەی دروست کردبوو




دوای ئەوەی دیڤید بیکهام بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لە یاریگەی ئۆلدترافۆرد دوورکەوتەوە، هەفتەی رابردوو دووبارە گەڕایەوە ئەو یاریگایە کە ناوبانگی لێدەرکرد، دوای ئەوەی لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦یەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هەردوو یانەی مانچێستەر یۆنایتد و ئەی سی میلان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

لەم یارییە تێبینی ئەوە کرا کە یاریزان دیڤید بێکهام لەسەر کاڵەکەی وێنەی ئاڵای ئینگلتەرەی دروست کردبوو ئەمەش هێمای ئاڵای وڵاتەکەیەتی و وێنەی ئاڵای ئیتاڵیای کردبوو ئەمەش هێمای شوێنی یاریکردنیتی کە یانەی ئەی سی میلانە، لە هەمان کاتدا لەسەر کاڵاکەی ناوی هەر سێ کورەکەی برۆکلین و رۆمیۆ و کروز-ی نووسیبو، هەروەها رەنگی کاڵەکەی سوور و سپی بوو ئەمەش هێمای درێسی ئەی سی میلان و مانچێستەر یۆنایتد بوو.


جێگەی باسە دیڤید بێکهام ئەم کاڵەیەی بۆ یەکەمجار لە یاری چوونی مانچێستەر و میلان لەبەر کرد کە لە یاریگەی ئۆلدترافۆرد ئەنجامدرا.

## بەرشلۆنە درێسێکی نوێ لەبەر دەکات

یانەی بەرشلۆنە لەم هەفتەیە تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ درێسێکی تازە لەبەر دەکات، ئەم درێسە ئارمی جامی جیهانی بۆ یانەکان لەسەرە کە یانەی بەرشلۆنە توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆی ئەم پاڵەوانییەتییە بە دەستبهێنێت.

لەسەر ئارامەکە بە بچووکی نووسراوە پاڵەوانی جیهان ٢٠٠٩.

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یانەی بەرشلۆنە هەوڵ دەدات زۆرترین ژمارە لەم درێسە نۆیە بفرۆشێت.




## گەر لە خولی نایابی ئینگلتەرە بمێنینەوە دەچنە دوورگەی باربادۆس


زۆر جار کاتێك یانەیەك هەڕەشەی دابەزینی بۆ خولی پلە یەکەکان یاخود دووەکان دەبێتەوە زۆربەی سەرۆك یانەکان پەیمان پاداشتی گەورەیان بۆ ئەوە سەرکەوتنە دادەنێن، بەڵام ئەمجارە سەرۆکی یانەی ویگان ئەتلەتیك دیف دیلان پاداشتی یاریزانەکانی زۆر زیاتر کردووە.

رۆژنامەکانی ئینگلتەرە بڵاویان کردەوە کە سەرۆکی یانەی ویگان بەڵێنی بە یاریزانەکان داوە گەشتێکی گوزاری لەسەر حیسابی یانە بۆ دوورگەی باربادۆس ئەنجام بدەن، گەر لە وەرزی ئەمساڵ هەر لە خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە مانەوە، ئەم هەنگاوەش بە مەبەستی بەرزکردنەوە ورەی یاریزانەکانە کە توانیان سەرکەوتنێکی گرنگ تۆمار بکەن و لە یانەی لیڤەرپوول ببنەوە.

دوورگەی باربادۆس یەکێکە لە دوورگە هەرە خۆشەکانی جیهان دیمەنی سرووشتی زۆر جوانی تێدایە، ساڵانە خەڵکانێکی زۆر بە مەبەستی گشت سەردانی ئەم دوورگەیە دەکەن.



جێگەی باسە یانەی ویگان لە پلەی ١٥یەم دایە، لە خولی نایابی ئینگلتەرە زۆر لە پلەکانی کۆتایی نزیکە.



# بنیدێتر چووە مێژووی یانەی ئەرسناڵ

دوای ئــەوەی یانــەی ئەرســناڵ توانــی بە ئەنجامێکــی گەورە لە یانــەی پۆرتۆ بە پێنج گوڵ بباتەوە، هەفتەی رابردوو یانەی ئەرسناڵ توانی سەرکەوێ بۆ قۆناغی هەشتەمی خولی یانــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، لەم یارییە یاریزانی دانیمارکی نیکۆلاس بینتنر توانی ســێ گوڵ تۆمار بکات و بچێتە مێژووی یانەی ئەرسناڵ، دوای ئەوەی بووە شەشــەم یاریزان لە مێژووی یانەی ئەرسناڵ کە بتوانێ سێ گوڵ هاترێك لە یارییەك تۆمار بکات لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپــا و لە هەمان کاتدا یاریزانی ناوبراو بووە یەکەم یاریزان کە توانــی هاترێك لە یاریگەی ئیمارات تۆمار بکات.

# سەرۆکی جەزائیر داوا لە زیدان دەکات ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەکەی



دوای ئــەوەی یاریزانی پێشــووی فەرەنســا زینەدین زیدان ســەردانی وڵاتی جەزائیر کرد و لەگەڵ عەبدولعەزیز بۆتفلیقە سەرۆکی جەزائیر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. بۆیە رۆژنامەکانی فەرەنسا ئەوەیان راگەیاند کە سەرۆکی جەزائیر داوای لــە زیدان ئەفســانەی تۆپی پێ کردوو کە لــە دوا رۆژ ببێتە راهێنــەری هەڵبژاردەی جەزائیر، ســەرۆکی جەزائیر داوای کردووە کە بە تــەواوی بیر لەم بۆندە بکاتــەوە بۆ ئەوەی دوای کۆتایی هاتنی بۆندی راهێنەری ئێستای هەڵبژاردەی جەزائیر رابح ســەعدان، بە فەرمی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی جەزائیر.
جێگەی باسە زینەدین زیدان باڵیۆزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید و سەردانی چەندین وڵاتی جیهانی دەکات.

# جۆن تێری مێژوویێکی لە چێڵسی تۆمار کرد

دوای ئەوەی یاریزانی یانەی چێڵسی و هەڵبــژاردەی ئینگلتەرە جۆن تێری تووشی چەند گرفتەیەك هات، ئەمەش بــووە هۆکاری ئــەوەی رۆژنامەکانی ئینگلتــەرە هێرشــێکی توند لەســەر ئەم یاریزانە بــکات و لە هەمان کاتدا راهێنــەری فابیۆ کاپێلۆ بریاریدا کەوا کاپتنــی هەڵبــژاردەی ئینگلتەرە لە جۆن تێری وەربگرتووە، بەڵام ئەم کێش و گرفتانە نەبــووە هۆکاری دابەزینی ئاستی ئەم یاریزانە بە توانایە.
لە یاری جامــی یەکێتی ئینگلتــەرە بۆ تۆپی پێ یانەی چێڵســی توانی ســەرکەوێ بۆ قۆناغی پێــش کۆتایــی دوای ئــەوەی توانی لە یانەی ســتۆك ســیتی بباتەوە بە ئەنجامــی دوو گۆڵی خاوێن، لەم یارییــە جۆن تێــری گۆڵێکی تۆمار کــرد و گۆڵێکی بۆ فرانــك لامپارد دروســتکرد، لەم یارییــە یاریزان جۆن تێری مێژوویەکی بۆ خۆی دروســت کرد دوای ئــەوەی توانی ٤٤٥ یاری لەگەڵ یانەی چێڵسی ئەنجام بدات و هاتە پلەی شەشەمی ئەو یاریزانانە کە زۆرترین یاریان لەگەڵ یانەی چێڵسی ئەنجامداوە لە مێژووی یانەکەدا.
ئەمەش ریزبەندی یاریزانەکانە.

١- رۆن هارێس ٧٩٥ یاری
٢- پیتــر بۆنیتــی ٧٢٩ یاری
٣- جــۆن هۆلێنــز ٥٩٢ یاری
٤- فــران لامپــارد ٤٦٤ یاری






# کوردستان و یاری باڵەی کچان

یاری تۆپی باڵە یەکێکە لە یارییە پڕ لە جەماوەرییەکان لە کوردستاندا، هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ ئاستی خۆیان لەو یارییەدا تاقی دەکەنەوە، یانەکانی کوردستان خاوەن یاریزانی زۆر بەتوانان لەسەر ئاستی عێراق و عەرەبیدا. بۆ زیاتر گرنگی خستنە سەر یاری باڵەی کچان لە کوردستان تیشکمان خستە سەر ئەم یارییە و ئەو پرسیارەمان ورۆژواند، ئایا لە کوردستان تاچەند گرنگی بە یاری باڵەی کچان دەدرێت .

سەرەتا (سەلاح مەحمەد) ڕاهێنەری تۆپی باڵەی کچانی ڕانییە گوتی: بەڕاستی یاری تۆپی باڵە، بۆ ئاستی کچان لە کوردستان گرنگی باشی پێ دەدرێت، هەروەها بۆ ئاستی کوڕانیش. یانەکەی ئێمە لەو بوارەدا زۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. هەرچەندە ئێمە پێشتر کۆمەڵێك کێشەمان هەبوو، بەڵام ئێستا کێشەی ئەو تۆمان نییە کەشایەنی باس بێت. لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پاڵپشتییەکانمان دوو قات بۆتەوە، هۆڵی یاریمان بۆکراوەتەوە، ئەم ساڵیش بۆخولی نایابی یانەکانی کچانی کوردستان سەرکەوتین، ئەگەر بیتو دەرگایەکی باشمان لێ بکرێتەوە لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ژمارەی وەرزشکارانی کچ لە دەڤەرەکەمان زۆر زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لە یاری باڵەدا.

مامۆستا (شەهاب ئەحمەد) ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی تۆپی باڵە گوتی "بەڕاستی ئاستی تۆپی باڵەی کچان لەسەر ئاستی کوردستان وەکو پێویستە نییە .بەڵام لە جاران زۆر باشترە، چونکە بناغەی پێگەیاندنی یاریزانانمان کەمە، چونکە ڕاهێنەرمان وەکو پێویست نییە بارودۆخی کچانیش تایبەتە، ئێمە هەموومان دەزانین کەوا کچ بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی وەرزش دەکات .خانەوادەکان ڕێگری لە کچەکانیان دەکەن و ناهێڵن وەرزش بکەن، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە تارادەیەك هۆڵ و یاریگا لە قەزاوناحیەکان دروست کراوە، لە جارن باشترە کەوا وەرزشی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەگەر بە کچەکان کاتی زیاتر بدرێت ئەوا یاریزانی بەتوانایان لێ دەردەچێت. بە هیوای ئەوەشم لە ساڵانی داهاتوودا ئاستمان لە ئێستا باشتر بێت، لە بارەی بەوو پێشچوونی ئەم یارییەش لە کوردستان گوتی "خولی ڕاهێنەران زۆر بکرێتەوە ماوە بە یانەکان بدەن تیپی کچان دروست بکەن، ئێستا یانەکانی کوردستان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی تیپی کچانیان هەیە .

(تەلحەت خدر) ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی باڵەی کوردستان گوتی "تارادەیەك دەتوانم بلێم گرنگی پێدراوە ئێستا ئێمە نزیکەی ٤٣یانەی پلە یەکمان هەیە بۆ ئاستی کچان، هەروەها گوتیشی یانەکانی کوردستان ئاستیان باشە و یاریزانی بەتوانای تێدایە، لە بارەی خراپی ئاستی خولەکان گوتی زۆر تیپ هەیە زۆر گرنگی بە تیپی باڵەی کچان

دیمانە :کارزان کانەیی



نادات، خۆی دەبێت یانەکانی کوردستان گرنگی بە ئاستی کچان بدەن بۆئەوەی یاری باڵەی کچان بەشێوەیەکی بەهێزتر بەرەو پێشەوە بچێت. ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان ساڵانە کاری خۆمان کردووە بە ئەنجامدانی پاڵەوانەتی بۆیانەکانی کوردستان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، لەبارەی کێشەکانی ئەم یارییەش گوتی بەراستی نەبوونی هۆڵ، کێشەیەکی گەورەیە بۆ تیپەکانی کچان بۆئەوەی مەشقەکانیان لێ ئەنجام بدەن، بە هەبوونی هۆڵی زیاتر ئاستی کچان زیاتر بەرەو پێش دەچێت .

مامۆستای زانکۆی کۆیە (نەبەزعەبدوڵلا) ڕاهێنەری باڵەی کچانی یانەی برایەتی سەبارەت بە یاری باڵە گوتی: ئاستی وەرزشی یاری باڵە لە ئاستی کوردستان بە تایبەتی بۆئاستی کچان لە کوردستان و عێراق پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیووە، بە تایبەتی لە یانەکانی کوردستان یاریزانی بەتوانا هەیە کەوا شاسیەتی هەڵبژاردەی عێراقە. لەبارەی یانەی برایەتی شاری کۆیەش گوتی: بۆ ماوەی دووساڵە لەگەڵ یاریزانەکانمان خەریکی مەشقکردنم، بۆئەوەی بتوانین ئاستی یاریزانەکانمان بەروو پێشببەیەن، گوتیشی ئێمە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەنجامەکانمان زۆر باشە هەموولایەکیش ئەوە دەزانن، کێشەی ئێمە نەبوونی هۆڵێکی تایبەتە بەخۆمان بۆ ئەوەی مەشقەکانی ڕۆژانەمان لێ ئەنجام بدەین و کاتی مەشقەکانمان وەکو پێویست نیە، ئێمە مانگێک پێش پاڵەوانەتییەکان دەست بەمەشقی خۆمان دەکەین، ئەگەر هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان هەبێت ئەوە بێگومان دەتوانین زۆر برەو بەئاستی یاریزانان بدەین، ئەگەر ساڵێک بەبەردەوامی لە مەشق دابین، ئەوا ئاستمان باشتر دەبێت، بۆدرووست کردنی یاریزانان ئێمە زیاتر لە قوتابخانەکان یاریزان دەست نیشان دەکەین، یاریزانەکانیشمان زۆربەی زۆری تەمەنیان کەمە.

یاریزان (گوڵان عەبدوللا)یاریزانی یانەی ڕانیە گوتی "بە ڕاستی ڕەوشی وەرزشی تۆپی باڵە لە ئاستی کوردستان گرنگی باشی پێ دەدرێ، پێویستە یانەکانی کوردستان زیاتر گرنگی بە یاریزانی لاو بدەن و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و هۆڵی زیاتر بکرێتەوە بۆکچانی وەرزشکار لەگشت شارو شارۆچکەکان. لە شاری ڕانیەش یاری باڵە ئێستا چۆتە قۆناغێکی نوێ، بۆیە دەبێت بەگشت ڕوویەک پشتگیری لێ بکرێت، ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ماوەیەک پێش ئێستا، وەرزش لە شاری ڕانیە گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، لە چاو ساڵانی پێشوو زۆر پێشکەوتووە، بۆیە هیوادارم هەموو کات وەرزشی شاری ڕانیە لە پێشکەوتن دابێت، خولی باش بکەنەوە بۆئاستی کچان تاکو ئاستی کچانی کوردستان بەرەوپێش بچێت، لە بارەی کێشەی یاری باڵە لەیانەکانی کوردستان گوتی، پێشتر نەبوونی هۆڵی یاریکردن بۆ یانەکانی کوردستان هەبوو، بەڵام ئێستا زۆر کاری باشمان بۆکراوە و وەردە وردە گرفتەکانمان بەوە نەمان دەچێت.

## فلیتچر: سەرسامم بە بێکهام، ڕۆنی باشترین یاریزانی جیهانە

یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتد دارین فلیتچر لە لێدوانێکیدا تەئکیدی لەوە کردووە کە یاریزان ڕۆنی باشترین یاریزانی جیهان-ە و گوتی: ئەو ئاستە بەرزەی واین ڕۆنی جێگەی سەرسوومان نییە، چونکە ئەم یاریزانە لە مەشقی ڕۆژانە زۆر خۆی ماندوو دەکات بۆیە لە گشت یارییەکان ئاستێکی یەکجار بەرز نیشان دەدات، هەموو کاتێك هەوڵ دەدات ئاستی بەرزبکاتەوە و ئەمساڵ چەندین گۆڵی بۆ یانەکەمان تۆمارکردووە، ئەوەی جێگەی سەیرە ڕۆنی ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی بەرزتر دەبێت هەرچەندە ئێمە لە کۆتایی وەرزی تۆپی پێ نزیك دەبینەوە.

بۆیە ڕۆنی یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی جیهان.

یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتد دارین فلیتچر لە درێژەی لێدوانەکیدا تەئکیدی لەوە کردووە کە زۆر سەرسامە بە ئاستی یاریزان دیڤید بێکهام و گوتی: کاتێك کە گەنج بووم و سەیری یارییەکانی یانەی مانچستەر یۆنایتدم دەکرد زۆر سەرسام بووم بە ئاستی یاریزان دیڤید بێکهام لە هەمان کاتدا زۆر سەرسامم بووم بە ئاستی ڕۆی کین و پۆڵ سکۆڵز و رایان گیگز، بێکهام توانی جێگای خۆی بکاتەوە لە هەر یانەیەك یاری کردبێ و ئێستا هەوڵ دەدات شوێنی خۆی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بکاتەوە بۆ ئەوەی بەشداری جامی جیهانی داهاتوو بکات، بە بۆچوونی خۆم دەتوانێ شوێنی خۆی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی بکاتەوە.

